# خوێندنەوەیەکی کورت بۆ بزووتنەوەی گۆڕان

20/7/2010

کامەران وریا قانع

هەموو بزووتنەوەیەکی نوێ یان شۆڕشێکی نوێ ئەوەندە مژدەی پێیە کە مرۆڤەکان سەرسام بکاتو دنیایەك لە بیرو ئەندێشەیان دروست بکات کە زۆرجار زەحمەتە لە دنیای واقیعدا بەرجەستە ببێت. ئەمڕۆ دروستکردنی بەهەشتێك لەسەر زەوی کە تێیدا گورگو مەڕ پێکەوە ئاو بخۆنەوە وا نەبێت تەنها دروشمی بزووتنەوەی گۆڕان بێت، بەڵکو هێزەکانی دەرەوەی گۆڕانیش هەڵگرین بە ئیسلامییەکانەوە تا بە حیزبەکانی دەسەڵاتیشەوە. بەڵام مرۆڤی کورد کاتێك بەهەشتی سەر زەوی  دەسەڵاتدارانی بینی بۆی روونبووەوە ئەو بەهەشتە بەس بۆ گروپێکی زۆر کەمی کۆمەڵگایە زۆرینەش وردەوردە بە ئاگری جەهەنم دەسووتێن. سروشتی کۆمەڵگاکان وایە بێتاقەت نابنو دیسانەوە هەوڵدەدەن بەهەشتە لەکیس چووەکەیان بە دەستبهێنەوەو بەدوای هێزێکی نوێ بگەڕێن کە بە لایەنی کەمەوە لە سایەی ئەو هێزەدا  مافی خەو بینینیان هەبێتەوە بەو بەهەشتە. گرنگترین پێوەر بۆ هەڵسەنگاندنی  بزووتنەوەی گۆڕان بە بۆچوونی من کاتە. چونکە ئەم جۆرە بزووتنەوانە بەهۆی خوێندەواری ئەندامەکانیو بوونی دنیا بینی تایبەت بەخۆیان ترسی لەت لەت بوونو هەڵوەشاندنەوەی زۆری لێدەکرێت لە دوا رۆژدا بە تایبەتی ئەو کاتەی کە دەسەڵات دەگرنە دەست. چونکە سروشتی دەسەڵات وایە زۆر جار براکان دەکات بە دوژمن. ئەمڕۆ بزووتنەوەی گۆڕان چانسی بەرەو پێشچوونی لەهەر حیزبێکی تری گۆڕەپانی کوردستان زیاترە، چونکە ئەم بزووتنەوەیە بۆ یەکەم جار ئەوەی بە خەڵك وت کە پێش ئەم بزووتنەوەیە کەس زات نەبوو باسی بکات، دەنگی ئەو مرۆڤە لەبیرکراوانەی کۆمەڵگای کوردی پێگەیاندنین کە عەیامێکی دوورودرێژە  دەسەڵات پشتگوێخستووە. هەموو کات ئۆپۆسیۆن مەودای کارکردنو قسەکردنی زیاترە لە حیزبەکانی ناودەسەڵات. بەختی بزووتنەوەی گۆڕانە کە حیزبە دەسەڵاتدارەکانی کورد هیچ گۆڕانکارییەکی ئەوتۆ لە جۆری کارکردنو گۆڕینی دەموچاوەکانی نەکردوە تا نووسینی ئەم دێرانە، ئەمەش ئەوپاداشتە خۆراییە کە دەسەڵات پێشکەشی گۆڕانی دەکەن بەتایبەتی دوای کۆنگرەی سێیەمی یەکێتی نیشتمانی.

چونکە بەشێك لە ناسینو ئیشکردنی بزووتنەوەی گۆڕان پەیوەندی بە ناسینو ئیشکردنی حیزبەکانی دەرەوەی گۆڕانە، واتە بیرۆکەی دژەکان. بزووتنەوەی گۆڕان نابێت هەمیشە کار لەسەر سۆزی جەماوەر بکات بۆ زیاتر گەشەکردنی، دەبێت زیاتر ئەو بۆچوونانەی هەیەتی بە شێوەیەك پێشکەشی مرۆڤی کوردی بکات دووربێت لە مژدەی گەورەی یۆتۆبیایی. پێویستە هەموو کات لە خەیاڵدانی سەرکردەکانی بێت  کە لە دەسەڵات بوونو ئۆپۆسزیۆن بوون دوو دنیای زۆر جیاوازن. باشترین نموونە باراك ئۆبامای سەرۆکی ئەمەریکا کە لەم کاتانەدا رادەی جەماوەری خۆیو حیزبەکەی لە ئاستێکی زۆر نزمدایە دوای نزیکەی 18 مانگ لە حکومرانی، چونکە هیچ گۆڕانێکی ئەوتۆی لە ژیانی تاکی ئەمەریکی نەکردووە کە پێشتر ئەوهەموو بەڵێنانەی دابوو بەباشتر کردنی ئاستی ژیان ئەمەریکییەکان.

هەرچەندە جیاوازییەکی زۆر لە نێوان کۆمەڵگای کوردیو ئەمەریکی هەیە، بەڵام خاڵە سەرەکییەکانی هەموو هەڵبژاردنێك، ئۆپۆزسیۆنێك، بە رادەیەکی زۆر چوون یەکە.کاریگەری بزووتنەوەی گۆڕان لە کۆمەڵگای کوردی پێویستی بە کات هەیە، لەوانەیە لە هەڵبژاردنی داهاتووی پەرلەمانی کوردستان کورسی زیاتر بهێنێتو چانسی وەرگرتنی دەسەڵاتی هەبێت. ئەگەر هیچ رووداوێکی کتو پڕی گەورە کۆمەڵگای کوردی نەهەژێنێت. بەڵام مەترسی کات لەوەدایە خەڵکی سادەی کورد (مرۆڤ بەگشتی) تاقەتی چاوەڕوانی زۆر ناکات، چونکە کارکردن لەسەر حەماسی خەڵكو پێدانی مژدەی گەورە کە دووربێت لەتوانای بزووتنەوەکەو دوور بێت لە سروشتی کۆمەڵگای کوردی ئەنجامەکەی شکستێکی شۆکاوی لێدەکەوێتەوە .لەهەموو سیستمێکی دیموکراسی کەهەڵبژاردنی دوور لەتەزویر بنچینەی بێت، زەحمەتە پشت ببەستیت بە جەماوەرێکی جێگیر، واتە دەنگدەر زۆر ئاسایە لە کاتی دەنگدان یان لە نێوان دوو هەڵبژاردنە  جێگای باوەڕ نەبێت گۆڕانکاری لەجیهان بینیان روو بداتو پشتگرییەکانیان بگۆڕن بۆ هێزی تر کە ئەمەش دیاردەیەکی ئاساییە.  بزووتنەوەی گۆڕان نابێت تا کۆتایی هەر داوا لە خەڵك بکات قوربانی بۆ بدات، چونکە ئەمڕۆ مرۆڤ لەم ژیانە ئاڵۆزو گرانەدا  تەنها بەویژدان  ناژیت، هەروەها جەماوەری گۆڕان نابێت ئەوە چاوەڕوان بکەن لە گۆڕان کە هەڵە نەکاتو لە هەندێك کاتە سازش نەکات، چونکە ئەمڕۆ هیچ هێزێکی کوردی نییەو نابێت کە پێویستی بە سازش نەبێتو هەڵە نەکات، من بۆخۆم تووشی شۆك نابم ئەگەر گۆڕان لەکاتی ئۆپۆسزیۆنو پیادەکردنی دەسەڵات دا هەڵەی گەورە نەکات هەر لە بەهێز کردنەوەی پەیوەندی خزمو خوێنو ناوچەگەرێتی  تا دەگاتە گەندەڵی، چونکە دواجار مرۆڤەکان بەدەر نین لەهەڵە، بەڵام گرنگترین سیفەتی بزووتنەوەی زیندو ئەوەیە باجی هەڵەکانی بدات هەر حیزبێك یان بزووتنەوەیەك باجی هەڵەکانی نەدات هیچ نییە جگە لە دیکتاتۆریەت.بەجۆرێکی تر جەماوەری گۆڕان قەت نابێت چاوەڕوانی دادپەروەری رەها بێت لە بزووتنەوەکەی، چونکە دادپەروەری رەها جگە لە درۆیەکی گەورە هیچی تر نییە. حەزدەکەم باسی دەوری کاریزما بکەم لە بزووتنەوەی گۆڕان کە خۆی لە کەسایەتی بەڕێز نەوشیروان مستەفا دەبینێتەوە. من لەو باوەڕەدام کەسایەتی رێزدار نەوشیروان یەکەم هێزی بزووتنەوەکەیە. ئەم جۆرە کاریزمانە لە هەموو میللەتێکدا هەیەو بەبزوێنەری  رووداوەکان دادەنرێن. من ئەو قسەیەم پێ راست نییە کە دەوترێت هەرکەسێك لە جێگای بەڕێز نەوشیروان بوایە دەیتوانی ئەو تورەیەیی جەماوەری کورد لە خۆی کۆبکاتەوە، چونکە پێش سەرهەڵدانی گۆڕان چەندان حیزبو کەسایەتی ناسراو هەبوون لە

دەرەوەی دەسەڵاتی کوردی کە ئۆپۆسزیۆنێکی شەرمن بوون، بەڵام نەیانتوانی ئەو رۆڵە بگێرن .هەروەکو لە سوپای فەڕەنسی هەزاران ئەفسەر هەبوون دواجار تەنها یەك ناپلیۆن دەرکەوت وەکو کاریزمایەك‌و سەرکردەیەك. یەکێك لە کێشەکانی کاریزمە ئەوەیە ژیانێکی کورتی هەیە وەکو هەر مرۆڤێکی تر. ئەمەش‌وا دەکات دوارۆژی بزووتنەوەکە لە دوای کۆچکردنی کاریزمەکەی بکەوێتە بارێکی ترسناك، هەندێکجار بە کۆتایی بزووتنەوەکە کۆتایی دێت وەکو کۆماری مهاباد. بە تایبەتی کاتێك بزووتنەوەکە هێشتا لە باری خۆ چەسپاندن بێت یان بە دەزگایی نەکرابێت. کەواتە یەکێك لەکارە سەرەکییەکانی گۆڕان ئەوەیە چۆن ئەم بزووتنەوەیە لە فەوتان رزگار دەکرێت دوای نەمانی کاریزمەکەی. کارێکی تر لە کارە گرنگەکانی سەرۆکی بزووتنەوەکە بیکات ئەوەیە دروستکردنی بڕیار لە ناو بزووتنەوەکە قورس بکات‌و چەندان دەزگا هەبێت بۆ رازی بوون لەسەر بڕیار. هەرچەندە ئەم جۆرە ئیشکردنە کەسە یەکەمەکانی بزووتنەوەکە نیگاران دەکات، بەڵام لە مەودایەکی دووردا بە قازانجێکی گەورە بۆ بزووتنەوەکە دەشکێتەوە.واتا تەنها چەند ئەندامێکی مەکتەب سیاسی نەتوانن بێ لێپرسینەوە ئەم بزووتنەوەیە بە دارو بەرد بدات. رەنگە ئەم جۆرە ئیشکردنە قورس بێت بۆ کۆمەڵگایەکی رۆژهەڵاتی وەکو کورد، بەڵام دەبێت بزووتەنەوەکە فێر بێت وەکو تیم کار بکەن. پێویستە سەرکردایەتی گۆڕان‌و بزووتنەوەکەش لەم ساتە مێژووییدا هەوڵبدەن بۆ بەهێزکردنی پەیوەندییەکانی لەگەڵ زلهێزەکان‌و پەیداکردنی دۆست بەپێی توانا، چونکە دەبێت ئەوە لەبیری سەرکردەکەی بێت کە کۆمەڵگای کوردی بەتایبەتی حیزبەکانی کوردی بڕوایان بە سڕینەوەی لایەنی بەرانبەر هەیە. لە بچووکترین دەرفەتدا من دڵنیام ئەگەر ئەمەریکا لە گۆڕەپانەکە نەبوایە رووداوەکان زۆر شێوەی کارەسات ئامێزی وەردەگرت. هەرچەندە من خۆم هەست دەکەم زلهێزەکان زیاتر گرنگی بە خێزانە دەسڵاتدارەکان دەبەستن لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، چونکە دواجار هەموو هێزێك پێش هەموو شتێك بەرژەوەندییەکانی خۆی لەپێشەوەیەوە.

خاڵێکی تری پێویست کە سەرکردەی گۆڕان‌و بزووتنەوەکە دەبێت ئاگایان لێبێت ئەوەیە کە بەدیهێنانی دادپەروەری کۆمەڵایەتی بۆ مرۆڤەکان کە دروشمی سەرەکی بزووتنەوەکەیە لەنێوان هێزە هاوسەنگ‌و هاوتواناکان بەدیدێت کە لە کۆمەڵگا ئامادەن نەك هێزێك هەموو جۆرە تواناکانی (دارایی، سەربازی، کارگێڕی...هتد) هەبێت‌و هێزێکیش بەس پشت بە جەماوەرەکەی ببەستێت .لەکۆتایدا دەکرێت گۆڕان سەرکوتوو بێت لە دوا رۆژدا دەشکرێت ئەم بزووتنەوەیە بۆ ماوەیەك بێت دوایی نەمێنێت‌و بچێتە ناو مێژووەوە لەپاڵ بزووتنەوە سیاسییەکانی تر جێگایەك بۆ خۆی بکاتەوە.